



# تاج ئێکسسوارێکی رازاوە بۆ قژی بووک



خانمانی بووك پێویستیان بە چەندین رێـــگا دەبێ بـــۆ ئەوەی لـــە نزیکەوە کاری جوانکاریـــان بـــۆ بکرێ، یەکێك لـــەو هەنگاوانـــە بریتییە لـــە دانانی ئێکسسوارەکان بۆ گشت لایەنێکی بووك، هەر یەکەش جوانـــی خۆی وەردەگرێ و لەگـــەڵ ناســـکی و جوانی مۆدەی جلوبەرگ و کراســـی بووك بگونجێ، یەکێك لـــەو ئێکسســـوارانە بریتییە لە تاجی سەری بووك.

وەك ئێکسسوارێکی ناسك و کراوە کار دەکات لە جوانکاری بۆ قژ و ســـەری خانمانی بووك، بەمەش دەکرێ سوودی هەبێ لە جوانی و ناسکی تەسریحەدا، هەروەهـــا یەکێـــك لـــە مەرجەکانـــی ئێکسســـواری تاج، دەبێ ناســـك و بە نەخشێکی دیار بێ، بۆ ئەوەی لە نزیك و دوورەوە دەربکەوێ. دەتوانین ســـوود لە ئێکسســـواری تاج وەربگرین کاتێك تەسریحەکان نزم دەبن بۆ ئەوەی تاجەکە دەربکەوێ.

# ماکیاژی چاو مۆدەیەکی ناسک و جوان




ماکیاژی چاوەکان، یان دانانی ماکیاژێکی ناســـك و نەرم، دەبێ لە رێگەی هەڵبژاردنی شـــێوازەکانی ئامادەکردنی ماکیاژەکان بێ، لە کاتێکـــدا چـــاو وەك ئاوێنەیەکی جوانی خانمانە، یەکێك لە سەرەکیترین هەنگاوەکانی جوانکردنی چاوڕەش کردنە، کە بە گرنگی ماکیـــاژی جوانکاری چـــاو دادەنرێ، بۆیە دەبێ بـــە وریایی و جوانییـــەوە ئاگاداری ئـــەو جۆرە ماکیاژە بین تاوەکـــو لە نزیکەوە ماکیاژێکی ناسکمان دەست بکەوێ.

سەرەتا دەبێ چاو بەتەواوی پاك بکرێتەوە، دواتـــر کلی رەش بەکاردەهێنین و لە ژێرەوە و ســـەرەوەی چاوەکان، بە مەرجێك شێوەیەکی یەکســـانیان هەبێ لە سەر برژانگەکان، واتە بە یەکســـانی کلەکە دابـــەش بکرێ، دواتر بەکارهێنانی رەنگێکی تێکەڵی نێوان رەش و رەساسی بۆ پشت چاوەکان، ئەمەش وادەکات وەك ســـێبەرێك دەربکەوێـــت، بەمەش دەبێتە دوو رەنـــگ لە نزیك یەکتـــر و ماکیاژێکی سەرەنجراکێشی لێوە دەردەچێ.

# رەنگە جوانەکان بۆ بۆیە کردنی قژ









رەنگە جوانەکان بـــۆ رەنگکردنی قـــژ، یەکێکە لە مۆدە ناســـکەکان، هەربۆیـــە خانمان هەوڵـــدەدەن جۆرە رەنگێك هەڵبژێـــرن تاوەکو لە نزیکەوە کاری نوێـــکاری بۆ بکـــرێ، یەکێك لـــە جوانتریـــن رێـــگاکان بریتییە لە هەڵبژاردنـــی رەنگێکـــی کراوە و جوان بۆ بۆیە کردنی قژ.

دەکـــرێ بۆیەکان لـــە چەندین رەنـــگ تێکەڵ بکرێـــن، لەگەڵ ئەوەشـــدا دانانـــی بۆیـــەکان وادەکات جوانـــی قژەکان لە دەرەوە دەربکەوێ، لێرەدا چەند رەنگێك هەن دەکرێ ســـوودیان لێوە وەربگرین لە دانانی بۆیەکی ناســـك بۆ قژ، بەڵام دەبێ رەنگەکان لە نزیك یەکتر بن، ئەم رەنگانەش بریتیین لە : رەنگی زێڕی – سوور – زەرد – زەردی کاڵ و تۆخ، ئەمەش دەبێ تەڵەکان لە رەنگێك بن، هەروەها ژێرەوەی قژەکەش لە رەنگێکی دیکە بێ.





# دیکۆرە جوانەکانی شوێنی دانیشتن

جوانی و ناسکی لە دیکۆرەکانی ماڵ، یەکێکە لە کارە پێویستەکان بۆ ئەوەی لە نزیکەوە کاری نوێکاری و ئامادەکاری بۆ بکرێ، لەگەڵ ئەوەشدا یەکێك لە شێوە جوانەکان دانانی شوێنەکانی دانیشتنە، ئەمەش ژووری دانیشتن و شوێنە گشتییەکان دەگرێتەوە لە ماڵدا.

جێگەی دانیشتن دەکرێ لە لایەنێکی ماڵدا بێ، بە مەرجێك شوێنێکی گونجاو بێ، لەگەڵ کەشی دانیشتن بگونجێ، ئەمەش وادەکات لە نزیکەوە شوێنەکان کاری جوانکاری و نوێکاری بۆ بکرێ، لێرەدا سوود لە دیکۆر دەبینرێ بۆ ئەوەی بە شێوازێکی کراوە و ناسك دابنرێ، تەنانەت سوود وەرگرتن لە دیکۆرەکان دەبێتە هۆی دانانی شێوازێکی ناسك و رازاوە بۆ ئەوەی شوێنی دانیشتن لە ماڵدا دابنرێ، بەمەش دەتوانین دیکۆرێکی کراوە و رازاوە ئامادە بکەین لە جوانی و ناسکی شوێنی دانیشتن.

# جلوبەرگی ماڵەوە خانمان جوانتر دەکات











جلوبەرگی خانمان لە گشت شوێنەکان دەبێ بەپێی هەڵبژاردن بێ، چونکە هەر شوێنێك جۆرە جلێکی پێویستە بۆ ئەوەی خانمان پێوەی رازاوە بن، بەتایبەت لە ماڵدا، وەك گرنگییەکی پێویست دەبێ خانمان بە ناسکی دەربکەون، هەروەها کاتێك بەرەو وەرزی گەرمی رێگە دەگرین، دەبێ جلەکان بەپێی گەرمی و کراوەیی بپۆشرێ.

یەکێك لەو جلوبەرگە ناسکانە بریتییە لە جلوبەرگی ماڵەوە کە بۆ هەموو تەمەنێك دەگونجێ، وەك جلێکی سەرنجڕاکێش دەتوانرێ سوودی لێوە ببینرێ بۆ ئەوەی لە ماڵەوە بپۆشرێ، هەروەها دەکرێ بۆ دەرەوەش بپۆشرێ ئەگەر ستایلەکە بە شێوەیەکی جوان ئامادەکاری بۆ کرابێ. وەك جلە ناسکەکان چەندین جۆر هەن لەوانە : تراکسووت – کۆلۆن – بەدی و پانتۆڵی کراوە. ئەمەش وەك جلوبەرگێکی ناسك لە ماڵدا دەردەکەوێ.



## جیهان ماڵئاوایی لە پیاوە کورتەکەکرد

هاوڵاتییەکی وڵاتی چین بە ناوی (بینگ بینگ) کە باڵای ئەوەندە کورتە نازناوی ژمارە پێوانییەکانی پێدرا لە خاوەنی کورتترین باڵادا، لەسەر ئاستی پیاوان، بەهۆی بوونی نەخۆشی دڵ، پیاوە کورتەکەی جیهان لەتەمەنی ٢١ساڵیدا لە نەخۆشخانە کۆچی دوایی کرد. دیارە نازناوی کورتترین پیاوی جیهان هەر بۆ ئەو دەمێنێتەوە چونکە تاکو ئێستا کەسێك نەبووە باڵای بەقەد باڵای ئەو کورت بێ.

## نمایشی نابیناکان

ئەوانەی کە یەکێك لە ئەندامانی جەستەیان لەدەست دەدەن، نابێ خۆیان لە ئەرك و کار و ژیان دوور بخەنەوە، چونکە ئەوانیش دەتوانن وەك هەموو مرۆڤێکی ئاسایی ئەرك و کاریان راپەڕێنن. بەڵکەش بۆ ئەو لایەنە ئەو نمایشە تایبەتەیە کە لەلایەن کۆمەڵە کەسێکی نابینا ئەنجام دراوە، ئەوەی سەیر بێ ئەو کارە بە مرۆڤی چاو ساغیش ئەنجام نادرێ. لە شاری مۆمبای وڵاتی هیندستان، کۆمەڵێك نابینا هەڵسان بە دانانی نمایشێکی وەستان لەسەر یەکتر لە بەرچاوی گشت خەڵك بۆ ئەوەی ئەوانیش بەهرەکانیان دەربخەن، ئەوەی سەیر بێ، بەبێ یارمەتی کەسانی دیکە، توانیان سەیرترین نمایشی تایبەت ئەنجام بدەن، نمایشەکەیان بووە هۆی سەرەنجراکێشانی گشت ئەوانەی ئامادەی نمایشی نابیناکان بوون.







## پایسکلی مۆدیل نوێ!

دەکرێ ئامێر و کەلەپولە دێرینەکان دیزانینی نوێیان بۆ بکرێ و بە بەرگێکی دیکەوە نیشان بدرێن، وەك ئەو پایسکلەی کە لە وڵاتی چین دروستکراوە. چینییەکان لە زۆرداهێناندا پێشەنگن، بیریان لە سەیرترین جۆرە پایسکل کردۆتەوە، کە لە دار دروست کراوە، وەك ئوتۆمبێلێك وایە، تەنانەت وەك کەرەستەیەکی جوان و سەیر دادەنرێ، ئەم جۆرە پایسکلە رۆژانە لە شوێنە گشتییەکان لە زۆربوون دان، بیرۆکەی ئەو جۆرە پایسکلە بۆ دیزاینی عارەبانە کۆنەکان دەگەڕێتەوە، کە لە جەنگەکان بەکاریان دەهێنا، پایسکلەکە زۆر لە شێوەی ئوتۆمبێلیش دەچێ. ئەمەش یەکێکە پایسکلە سەیرەکانی جیهان.



## ئەمە جەستەیە یا لاستیک

ئەوانەی خاوەن جەستەیەکی نەرمن دەتوانن بە چەندین لایەن جوولەی وابکەن کە ببێتە هۆی سەرسوڕمانی گشت کەسێك، هۆی ئەو لایەنەش بوونی ماددەیەکە لە ناو ئێسقانەکانیان کە وادەکات ئێسقانەکان بجوولێ، ئەم گەنجەی لە وێنەکەدا دیارە لە وڵاتی هیندستان دەژی، جەستەی ئەو گەنجە وەك هیچ کەسێکی دیکە ناچێ. وەکو دەبینن چۆن قاچی لە دواوەی هێناوەتە پێشەوە و شت دەخواتەوە، گەنجەکە ناوی (شیهان)ە و تەمەنی (٣٥) ساڵە، هەر لە منداڵیەوە خۆی فێری ئەو کارە کردووە کاتێك هەستی کردووە جەستەی نەرمە و دەتوانێ چەندین جوولەی سەیر ئەنجام بدات و خەڵکی پێوەی سەرسام بکات. بەمەش دەبێتە یەکێك لە سەیرترین جەستەکانی جیهان.





## منداڵێک سی پەنجەی هەیە

(لیوناوینگ) ئـەو منداڵە تەمەن (٦) ساڵەیە لە وڵاتی چین دەژیێت، پەنجەکانی منداڵەکە ژمارەیان بەقەد پەنجەی مرۆڤێکی ئاسـایی نییە لە دەسـت و پێیدا چەندین پەنجەی زیادی هەیە، بە شـێوەیەك زۆر لە پەنجەی ئاسایی منداڵی دیکەدا زۆرترە، بە جۆرێك دەبێتە یەکێك لە حاڵەتە سەیرەکانی جەسـتەی مرۆڤ، ژمـارەی پەنجەکانی ئـەو منداڵە بریتییە لە: حـەوت پەنجە بۆ هەر دەسـتێك، واتە بەهەردوو دەسـتەکانی دەگاتە چواردە پەنجـە،، هەروەها ژمارەی پەنجەکانی پێی هەرکامیان هەشت پەنجەن، بە پەنجەکانی قاچ و دەسـتی دەگاتە سی پەنجە.

# سەیرترین ئاهەنگی لە دایک بوون

ئەوانەی بیر لە کارە سەیرەکان دەکەنەوە، بە جۆرێك دەبێتە ڕێگەیەك بۆ سەرسامی و سەرنجڕاکێشانی کەسانی دیکە، ئەمەش وادەکات شـێوە دیاردەیەك دروست بکات، لـە بۆنە و یادەکانی لـە دایك بوون مۆم دادەنـرێ وەك یادکەرەوەیـەك بۆ دانانی چەند ساڵەی تەمەن، ئەمەش زیاتر لەسەر کێك دەبێ یان لە شوێنێکی تایبەت.

کەچـی وادیـارە لەلای ئـەو خانمە دانانی مۆم شـوێنێکی دیکـەی هەیە، کـە وەك سـەیرترین سـاڵیادی لە دایك بوونی هەڵبژاردووە، جیسـێکا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەژی، ساڵیادی تەمەنی کە (٢٣) ساڵە، بە دانانی دەرزی تایبەت لە دەسـتی بۆ ئـەوەی مۆمی لەسـەر دابنرێ، دوای ئـەوەی کارەکەی تەواو دەکات بە لێدانی دەرزی لە دەسـتی راسـتەی، بەمەش توانی دواتر مۆمەکان دابنـێ و لـە رۆژی لە دایـك بوونی دایانبگرسێنێ !





## نمایشی جلوبەرگ لە شیکۆڵاتە

جلوبەرگە سـەیرەکان بە چەندین شێوە و نەخشی تایبەت دروسـت دەکرێن، ئەمەش وەك مۆدەیەکی تازە لە جلوبەرگە سـەیرەکان، سوود لە زۆر مادده وەریگراوە بۆ ئەوەی جلی لێوە دروست بکەن، یەکێك لەوانە بریتییە لە شیکۆڵاتە، وەك ڕێگەیەکی تازە لە بواری جلوبەرگ دادەنرێ و دەتوانرێ چەندین جلی خانمانی لێوە ئامادە بکرێ.

لە نمایشـێکی تایبەت و جوان، لە وڵاتی نەمسا، توانیان چەندین جلوبەرگ ئامادە بکەن بۆ خانمانی نمایش کار، لەگەڵ ئەوەشـدا لە نمایشەکەدا بەو جلانەیان ئامادە بوون. لە کۆتایی نمایشەکەشـدا کراسـەکان پارچـە پارچـە کران و پێشکەشـی ئامادەبووان کران. بیخۆن نۆشی گیانتان بێ !



## مریشک لاسای قەل دەکاتەوە !

تا ژیـان بـەردەوام بێ شـتی ناوازە دەبینـدرێ، جار هەیـە ڕوودا و دیمەن و شـتی نـاوازەی وا دەبینیـن کە بە خەیاڵیشمان دا نەدەهات، بۆ نموونە ئەو مریشکەی کە لە وێنەکەدا دەیبینن. ئەو مریشکە بەراست لەگەڵ مریشکەکانی دیکە جیاوازی هەیە.

خاوەنی ئەو مریشکە ناوی (ماتیلد)ە، لـە وڵاتـی کەنـەدا دەژی، ماوەیەك مریشـکەکەی هێلکەی نەدەکرد، دواتر هێلکەیەکـی کرد کـە (٦) ئەوەندەی مریشکی دیکە بوو، ئێستاش مریشکەکە هەمـان جـۆرە هێلکـە دەکات، دیارە دەیهەوێ قەرەبووی ئەو ڕۆژانە بکاتەوە کە هێلکەی نەدەکرد، یان ڕەنگە نیازی بێ لاسای قەل بکاتەوە.





## خانووە گەڕۆکەکە دەچێتە هەموو شوێنێک

زۆر کەس هەیە حەز دەکات هەمیشە لە گەشت و گەڕان دا بێ، بەڵام گرفتی ئەو کەسانە ئەوەیە شوێنی مانەوە و پشوودانیانە، گەر لە هوتێل بن یان موتێلێك بگرن، رەنگە خەرج و تێچوویەکی زۆری بوێت. بۆ نەهێشتنی ئەم گرفتە ئەو خانووە گەڕۆکە داهێنراوە. ئەوەی دەیبینن بریتییە لە سەیرترین خانوو یان ئۆتۆمبێل، کەس نازانێ کامەیانە، بەڵام دەکرێ وەك ماڵێکی گەڕۆکی دابنێن، ئەمەش یەکێکە لە سەیرترین ئۆتۆمبێل و خانووی گەڕۆك، گشت کەرەستەیەکی تیایدا دانراوە و ئامادەیە لە هەر شوێنێك دابنرێ بۆ ئەوەی بە جوانترین ماڵ یان ئۆتۆمبێل سوودی لێوە ببینرێ.



## ئەمەش بووە پێڵاو!

مۆدە سەیر و جوانەکان رۆژانە لە کاری نوێکاری و تازەدا دەردەکەون، بەمەش وەك رێگەیەك لە شتی تازە و سەیرو سەمەردا، کەدەبێتە جێگەی سەرسوڕمانی گشت لایەنێك، لەم رێگەیەش دەکرێ سوود لە بیرۆکە سەیرەکان وەربگیرێ بۆ ئەوەی کەرەستەکە ئامادە بکرێ. ئەوەی دەیبینن یەکێك لە مۆدەکانی پێڵاوی خانمانە، بە جۆرێك بیرۆکەکەی لە سمی ئەسپ وەرگیراوە، لەگەڵ دانانی دەمانچە لە پاژنەکەی دواوەی، ئەمەش مۆدەیەکی کاوبۆییەکانە بۆ ئەوەی خانمان بە دیمەنێکی جوان و رازاوە بپۆشن، مۆدەی لەم جۆرە لە وڵاتی فنلەندا دروست کراوە و لە ماوەیەکی نزیکدا رەنگە ببێتە مۆدەیەکی جیهانی بۆ ئەوەی خانمان بپۆشن.

## ئەم زاوایە تەمەنی لە سەدەیەک تێپەڕیوە

گەنجەکانی ئێمە کاتێك دەگەن تەمەنێکی دیاری کراو، خۆیان بە پیر دادەنێن و لەوەی کە بوونەتە پیرە کوڕ یان قەیرە کچ، بۆیە لەو تەمەنە دەترسن و دەڵێن شەمەنەفەری ژیان رۆیشت و نەیگەیشتینێ، بەڵام ئەگەر سەیرێکی ئەو پیاوە بکەین، دەبینین نابێ کەس بێ هیوا بێ، ئەم پیاوە یەکێکە لە گەنجە پیرەکانی جیهان، چونکە لە تەمەنێکدا بۆتە زاوا، کە لە سەدەیەك تێپەڕی کردووە.

لە وڵاتی میسر، دوای ئەوەی پیاوێك بە ناوی (ئەحمەد عابدین)ی تەمەنی دەبێتە (١٠٣)ساڵ، خاوەنی سێ کچ و چوار کوڕە، سەرلەنوێ ژن دێنێتەوە. ئافرەتێکی تەمەن (٤٦) ساڵی دەخوازێ، پیرۆزی بێ.





## شانازی بە قەڵەوی خۆی دەکا

ئەوانەی کێشیان زۆرە یان قەڵەون، حەز دەکەن لاواز ببنەوە، تەنانەت حەز ناکەن خەڵك سەیریان بکات یان ناچنە شوێنە گشتییەکان بەهۆی ئەوەی شەرم لە خۆیان دەکەنەوە، کەچی وادیارە ئەو خانمە پێچەوانەی گشت کەسێکە کە شانازی بە قەڵەوی و جەستەی خۆی دەکات. دۆنا ئەو خانمەیە لە وڵاتی ئەمەریکا دەژی، لەگەڵ ئەو قەڵەوییەی لە جەستەیدا دەرکەوتووە، کەچی بەبێ ئەوەی شەرم بکات لە گشت شوێنە گشتییەکان دەبینرێ، کێشی دەگاتە (٢٧٨) کیلۆگرام، ئەگەر سەیرێکی بکەی هیچ کەسێك شێوەی لەم جۆرە بێ حەز ناکات بێتە دەرەوە، ئەوەی سەیر بێ، ئەو خانمە هەوڵدەدات کێشی بگاتە (٥٠٠) کیلۆگرام بۆ ئەوەی ژمارەیەکی پێوانەیی تۆمار بکات، ئەمەش دەبێتە یەکێك لە کەسە قەڵەوەکان کە شانازی بە جەستەی قەڵەوی خۆی بکات.



# کەلـوەکان




## کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

بەپێچەوانەی پێشبینیەکانتەوە بۆت دەدەکەوێت ئەو کەسەی کە پێت وابوو هەرگیز بێ وەفا نابێت بەرامبەرت هەڵوێستێکی چاوەواننەکراوی دەبێت و تۆش چەند ڕاستیەکت بۆ دەردەکەوێت، جارێکی تر بە ئاسانی متمانە بەو کەسە مەکە.



## گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

بە هیچ شێوەیەك کارێك مەکە ببێتە هۆی ئازاردانی خۆشەویستترین هاوێت لەبەر ئەوەی کاردانەوەیەکی نێگەتیڤی دەبێت و ڕەنگە ببێتە هۆی کۆتایی هێنانی پەیوەندی نێوانتان و دواتر پەشیمان دەبیتەوە.



## دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠

کەسێك کە هیچ گرنگیەکی نییە لەژیانی تۆ دا بە بیستنی چەند قسەیەك دەکەوێتە دڵتەوە و دەبێتە هۆی ئەوەی ببێتە کەسێکی نزیك و بەیەکەوە لەئایندەدا چەند کارێکی گرنگ ئەنجام دەدەن.



## قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

ئەو کاتانە هەرگیز دووبارە نابنەوە، تۆ زۆر ئەم ڕستەیە دووبارە دەکەیتەوە و وای کردووە چێژ لەژیانی ئێستات نەبینیت، بە شێوازێکی تر و بەچاوێکی ڕۆشنتر لە ژیان بڕوانە و لە ئایندەت دڵنیابە.




## شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢

هەرچەند بیر بکەیتەوە و هەوڵی لەبیرکردنی ڕابردوو بدەیت بێ سوودە کە ئەمە لە کەم کەسدا دەبینرێت، چارەنووس بەهەر شێوەیەك بێت تۆ ڕێگا مەدە بێ هیوایی داگیرت بکات، چاوەڕوانی هەواڵێکی زۆ خۆش بە.



## گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

بەهۆی ئەو ئەزموونە زۆرەی لەکارە نوێیەکەتدا وەرت گرتووە چەند دەرگایەکی نوێت بۆ دەکرێنەوە و کاریگەری ڕاستەوخۆیان دەبێت لەسەر باشتربوونی باری داراییت و پلەت بەرزتر دەبێتەوە.



## تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

ژیانی سۆزداریت گۆڕانکاری بە خۆیەوە دەبینێت و تاڕادەیەکی زۆر لەبەرژەوەندی تۆدا دەبێت، ڕای خۆت دەرمەبڕە لەو بابەتانەی کە پەیوەندیان بە تۆوە نییە ئەو کاتە بیرۆبۆچوونی خۆت بڵێ کە داوایان لێ کردیت.



## دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

زۆر شت دووبارە دەبنەوە لەژیانتدا کە خۆشت دەزانیت کارێکی باش نییە، یەکێك لەوانە توڕەبونە بە بێ هیچ هۆیەك یان هۆیەکی ڕوون و ئاشکرا، پێویستە بزانیت هیچ سوودێکت پێ ناگەیەنێت و زیانی هەیە و متمانەت کەم دەبێتەوە.



## کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

دوای ماندووبوون و هەوڵدانێکی زۆر ئەم هەفتەیە پاداشتێکی زۆر باش وەردەگریت و خۆشبەختی ڕووت تێدەکات. ئاگاداربە ئەستێرەکان ئامۆژگاریت دەکەن بە دواخستنی بڕیاردان لەبارەی شتە گرنگەکانەوە بۆ کاتێکی تر.



## گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

کەسێك داوای یارمەتیت لێدەکات، خۆشەویستەکەت داوات لێدەکات بەیەکەوە گەشتێك ئەنجام بدەن، سوود لەم کاتە وەربگرە بۆ جێبەجێکردنی چەند پڕۆژەیەکی گرنگ و بەپلانێکی سەرکەوتوو خۆت ئامادە بکە.



## گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

دەرفەتێکت دێتە پیش کە کەم جار ڕێکدەکەوێت لەژیانتدا، ڕەنگە تا ماوەیەکی زۆر دووباە نەبێتەوە، سوود لەو دەرفەتە ببینە و بەهۆیەوە ئایندەیەکی خۆشت دابین بکە، خۆشەویستەکەت چاوەڕوانی دیاریەکت لێدەکات.



## نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

ئەگەر ئەو باودۆخەی ئێستای ژیانت پێ خۆشە و هیچ بیر لەخۆشەویستی یەکەمت ناکەیتەوە ئەوا دەبێتە هۆی ئەوەی ئارامیەکی زیاتر ڕووت تێ بکات، بەڵام هەرگیز ناتوانی فێڵ لەهەستی خۆت بکەیت و پێویستە دوورتر لەوە بڕوانیت.


ئا/ هێمن قـەسرەیی
hemntoni@yahoo.com






# سۆز و هەستی دایکانە مریشکێک

زۆرجار بیندراوە کە گیاندارێکی دایك، بێچووەکانی دەمرن، پەنای بۆ بێچووی گیانداری دیکە بردووە و وەك بێچووی خۆی بەخێوی کردوون، بەڵام بەزۆری ئەو گیاندارانەن کەلە گیاندارە هاوشێوەکانی خۆیان دەچن، بۆ نموونە مریشك بێچووی مراوی بەخێودەکات. بەڵام نەبینراوە کە مریشك بچێت لەسەر توتکە سەگ هەڵبنیشێ و وەك دایکێك سەیری توتکە سەگ بکات.

لە وڵاتی ئوستراڵیا کاتێك مریشکێك ئەو هێلکانەی کە لەسەریان کورك بوو دەشکێن، بەناچاری دەچێت چەند توتکە سەگێك دەکاتە جوجکەی خۆی و لە بن باڵی خۆیان دەگرێ. ئێستا نێوانی مریشك و توتکە سەگەکان وەك دایك و بێچوو وایە، بڵێی کە گەورەش بوون وابن!

